# یەکەمین چالاکی کوردەکان لە بەغدا، سەرکەوتووانە ئەنجام درا

لە پێناو ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکاندا و لە سەر بانگەوازی نوێنەرایەتی (ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد – چاك)، کاتژمێر ٣ ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٨,٥,٢٠٠٣ بە بەشداری زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە نوێنەرانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، مەراسیمێکی ماتەمینی قەشەنگ لە گۆڕەپانی فیردەوس لە بەرامبەر هۆتێلی فەلەستین ساز درا. لەو مەراسیمەدا وێڕای کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و شوێنبزربووەکان نوێنەری چەندان ڕۆژنامەی ئەهلی، کەناڵ و بەرنامە تەلەفزیۆنەکان، گروپی مۆسیقا و نیگارکێشان، گروپی زانکۆیی، ڕێکخراو و کۆمەڵە و کەسایەتی ڕۆشنبیری بەشدار بوون.

سەرەتا سەرجەم بەشداربووان کە زۆربەیان دایك و باوك و ڕۆڵەی ئەنفالکراوەکان بوون و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو دەوروبەرەشیان لێ کۆبووەوە کە لە بەردەم هۆتێلی فەلەستین گیرسانەوە و سەرنجی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەوانەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و لەگەڵیان کەوتنە گفتوگۆ.

پاشان مەراسیمەکە لە ڕێوڕەسمێکی سەرنجڕاکێشدا و بە سروودی ئەی شەهیدان و ئەی ڕەقیب و ئێمە کوردین نابەزین بەرەو گۆڕەپانی فیردەوس نزیك پەیکەرە ڕووخاوەکەی دیکتاتۆر بەڕێکەوت و بەشداران بە دەوری گۆڕەپانەکە سووڕانەوە.

پاشان بە پێی پرۆگرامێکی نەخشەبۆکێشراو، دەست و گرووپە هونەری و پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناو گۆڕەپانەکە دابەش بوون کە بووە جێی سەرنجی میدیاکان، بەتایبەتی دووای ئەوەی گرووپی مۆسیقای (نالی) بەرنامەی هونەری خۆی دەستپێکرد و دەستەی (ناوڕاست) و خوێندکارانی کۆلێجی هونەری زانکۆی سلێمانی پۆستەر و تابلۆ و پەیکەرەکانیان خستە ڕوو و بەشێوەی زیندوو کاری هونەرییان لەسەر زەوی گۆڕەپانەکە ئەنجام دا کە ڕەنگدانەوەی تاوانەکانی دیکتاتۆر و کارەسات و مەینەتییەکانی ئەنفال و هەڵەبجەی پێوە دیار بوو. دوواتر کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە وێنە و دوکۆمێنتەوە بۆ ڕۆژنامەکان دووان.

پاشان داوا لە ئەمریکییەکان کرا کە ڕێگا بە نوێنەرانی ڕێوڕەسمەکە بدرێت چاویان بە (جای گارنەر) بکەوێت تاوەکو یاداشتی ئامادەبووانی بدرێتێ کە لەلایەن نوێنەرایەتی ناوەندی هەڵەبجە (چاك)ەوە ئامادە کرابوو، بەڵام بە هۆی سەرقاڵبوونی بە کۆبوونەوە لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری حکومەتی کاتیی عێڕاقی لەوێ ئامادە نەبوو، بۆیە نوێنەرانی ناوەندی (چاك) لە بەغدا مانەوە و بۆ ڕۆژی ئایندە یاداشتنامەکەیان گەیاندە دەستی لایەنە پەیوەندداره‌کان( دەقی ئەو یاداشتنامەیە لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە).

جێی باسە یەکێك لە دیارترین دیمەنی ڕێوڕەسمەکە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بوون کە وا لە ناو گۆڕەپانەکە سەرنجی ڕۆژنامەنووسانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو، لاواندنەوەی ژنەکان جۆش و خرۆشێکی

www.kurdistannet.org
کوردستانیت

بێهاوتای لە دڵی ئامادەبووان دروست کرد و وای کرد جارێکی تر  یادی کارەساتەکە و قوربانییەکان لە ناخی هەموو لایەك زیندوو بێتەوە، وێنە و دوکۆمێنت و پۆستەرەکانیش گەرموگوڕییەکی زیاتریان بە مەراسیمەکە دا.

دیارە لە بارودۆخێکی وەك ئەمڕۆی بەغدا کە شیرازەکانی ژیانی سروشتیی مەدەنی تێکچووە و نائارامی دیاردەیەکی هەست پێکراوە، لەو دەمەدا (ناوەندی هەڵەبجە – چاك) بە هاوکاری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و ڕووناکبیرانی کوردستان ڕوو بکەنە بەغدا و یادی ئەنفالکراو و شوێنبزربووەکان بەرز ڕابگرن و سەرنجی کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی جیهان و ڕۆژنامەنووسان ڕابکێشن و جارێکی تر ڕای گشتی لە مەینەتییەکانی گەلی کورد و گەورەیی ئەو کارەساتانە بە ئاگا بهێننەوە کە ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت برینەکانی لە جەستەی گەلدا ساڕێژ نەبووە، کار و ئەرکێکی پێویست و پڕ بایەخە و کاریگەری باشی دەبێت. بەشداربوونی پڕ لە حەماسەتی کەسوکاری قوربانییەکان و لاوانی کچ و کوڕی کورد و پێشکەشکردنی چالاکییە هەمە جۆرە پڕ ماناکانیان کە ڕەنگدانەوەی مەینەتی و ئازارەکانی خەڵکی کورد بوون، کە ئەمڕۆ بووەتە پرسێکی نەتەوەیی و مرۆیی گەلەکەمان ئەویش ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکانمانە.

ئەم مەراسیمە کە پاش دەیان ساڵ لە سەرکوت و ئەنفالکردن ساز درا، یەکەمین چالاکی کوردەکانە لە بەغدای پایەختی عێراقدا و سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا. بەشدارانی مەراسیمەکە توانیان ڕێگایەکی دووروودرێژ ببڕن و لەگەڵ بارودۆخی دژواری بەغدا و گەرمی ئاووهەوا و نەبوونی کارەبا و ناهەمواری شوێنی خواردن و حەسانەوە و کەمی ماوەشدا، زۆربەی ئامانجەکانی خۆیان لە ڕێگای گێڕانی مەراسیمێکی مۆدریندا بپێکن.

جێگای داخە لە کاتێکدا گۆڕەپانی فیردەوس بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵە گەرموگوڕەکان، بەو پێیەش میدیا جیهانییەکان گرنگییەکی زۆریان بەم مەراسیمەی کوردەکان بۆ یادی ئەنفالکراو و شوێنبزربووەکان دا کە لەو ڕێگایەوە  داوای چارەنووسیان دەکردن، کەچی  میدیا کوردییەکان ئامادەبییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

مەراسیمەکە و بەرنامە دەوڵەمەندەکەی هەر زوو سەرنجی خەڵکی دەوروبەریان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و چەندان کەناڵی تەلەفزیۆنی وەك : ZDF ، نیل سات ، ئەلعەرەبیە ، ئەبو زەبی ، الالام و ڕادیۆی ساوە و هەندێك کەناڵی تری ئەڵمانی و تورکی و یابانی و .........تاد. ئەمە جگە لە ئامادەبوونی ژمارەیەکی باش لە نوێنەرانی ڕوژنامە ئەهلییەکان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی کوردستان. جێگای سەرنجە هیچکام لە کەناڵە عەرەبییەکان تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە هەواڵەکەیان پێشکەش نەکردووە.

بۆ ڕۆژی دوایی لە چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کوردستاندا مەراسیمەکە پیشان دراوە و وا چاوەڕوان دەکرێت ڕۆژنامە ئەهلییەکانیش لە ژمارەی داهاتووی بڵاوکراوەکانی خۆیاندا گرنگی پێ بدەن.

ئەم چالاکییە هەروەك لە کوردستان بووە جێگای بایەخی خەڵك و لە هەندەرانیشەوە بەردەوام بەدوواداچوونی بۆ کراوە، وەك  پاشتر زانرا لە بەغداش بووە جێگای باس و خواسی خەڵك بەگشتی و

کوردەکانی ئەویٚ بە تایبەتی. هەندێك لە حیزبەکانیش وتبوویان بە داخەوە ئاگادار نەبووینە، ئەگەر نا هاوکاری ئەو چالاکییەمان دەکرد.

دەستپێکی ئەم چالاکییەی نوێنەرایەتی ( ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد – چاك) ڕێگاخۆشکەر دەبێت بۆ زیاتر بەدوواداچوونی تاوانەکانی ڕژێم کە دژ بە گەلەکەمان و مرۆڤایەتی لە کوردستان و عێراقدا ئەنجامی داوە و وەك تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێن و چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە لە ئایندەدا هەنگاوی زیاتر بە کردەوە لە ڕێگای ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفالکراو و بارزانی و فەیلییە شوێنبزرکراوەکان و دادگاییکردنی تاوانباراندا بنرێت.

چەند نموونەیەك لە دروشمەکانی مەراسیمەکە کە بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بەرز کرابوونەوە:

- ❖ داوای کەسوکارە بێسەروشوێنەکانمان دەکەینەوە.
- ❖ کوانیٚ دایك و باوك و خوشك و براکانمان.
- ❖ دەبێت تاوانباران دادگایی بکرێن.
- ❖ قەرەبووی زیانەکانمان دەوێتەوە.
- ❖ بژی ئازادی.
- ❖ با حکومەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی دابمەزرێت.
- ❖ با ١٦,٣ بکرێت بە ڕۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا.

نوێنەرایەتی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد –چاك

١٠,٥,٢٠٠٣

www.chak.info
antigenocide@hotmail.com

دەقی ئەو یاداشتنامەیەی کە بەشدارانی مەراسیمەکە لە ڕێگای نوێنەرایەتی (چاك)ەوە گەیاندیانە لایەنە پەیوەنددارەکان:

## A Memorandum for Disclosing the Fate of Anfal Victims of Iraqi Kurdistan

**Attention: Mr. Jay Garner, Director of the Office of Reconstruction & Humanitarian Assistance**

**- The Respected Members of the Presidency Committee of the Iraqi Opposition Conference**

We are a group of intellectuals representing a number of cultural, media, social and mass organizations in Kurdistan came siding with the relatives of the Iraqi and Kurdish victims of Halabja, Anfal Campaigns and those missed during the 1991 uprising.

www.kurdistannet.org

**The Centre of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of he Kurds- C.H.A.K*

**Nawendî Helebce**
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî gelî Kurd- ÇAK*

We came all the way from Kurdistan to the liberated Iraqi Capital from the yoke of the dictatorship to offer our heartiest regards to all those who struggled for the freedom of Iraqi peoples.

From here, Firdous Square, we also express our condolence to all those who sacrificed themselves for this great feat. Only a few weeks ago this Square witnessed the fall of the statue of most heinous and dictatorial criminal of the world ,which today has become the platform for freedom of ideas and freedom of expression.

We seize this opportunity to awaken the conscience of Iraqi and international Public Opinion and all those who can support and assist our issue.

Therefore, we forward our demands to you hoping that you would consider them and seriously follow them:

1. Bringing to trial all the Iraqi criminals who participated in the Genocide Campaigns against the Kurdish people and the humanity.
2. Disclosing the fate of the Anfal victims and the missed people.
3. Compensating the victims of the Halabja tragedy and the ill-famed Anfal Campaigns and establishing some productive projects for the advantage of the relatives and families of the victims.
4. Forming an international committee for verification of the Anfal atrocities and genocide in Iraq.
5. Uncovering the states that assisted Iraq for manufacturing the chemical weapons and thereafter compensating the victims.
6. Making 16 of April an International Day for banning chemical weapons in the world.

With our best regards.

CC/

- Mr. Kofi Annan, the General Secretary of the United Nations.
- Mr. Amrou Mousa, the General Secretary of the League of the Arab States.
- All the Humanitarian Organizations.
- International Media Channels.

www.kurdistannet.org